
# لاوان و کێشەی دەسەڵات

عادل شاسواری:

سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە سەر خودی کۆمەڵگەی کوردی، چونکە دەبێت ئێمە بزانین کۆمەڵگای کوردی خۆی جیاوازی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی بۆ نمونە ئەوروپیدا، کە ئاراستەکەرەکە ئاراستەکارێکی کۆ دەنگی و گشتیە، ئاراستەکارێکی فکری و مەعریفیە، بەپێچەوانەوە ئێرەوە کە



adilshaswary2000@yahoo.com

ئاراستەکارەکەی ئایدۆلۆژی و خێڵەکیە، ئاراستەکارەکەی کەسی حیزبیە. لەبەرئەوەی ئاراستەکەری کۆمەڵگای کوردی هێزێکە تخووبێکی بە دەوری خۆیدا کێشاوە کە بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بە هاتنە ژوورەوەی هێزی لاوان نادات تا بێنە گۆ و لەسەر تریبۆی ئەو، وتەیەکیان هەبێت، خەونێکیان هەبێت، پڕۆژەیەکیان هەبێت. کە بێگومان خەون و وتە و پڕۆژە هۆکاری سەرەکی دروستکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵگەن. دەسەڵاتی کوردی تا هێندە کاری بەلاوە هەیە کە سوتەمەنی شۆڕشەکەی و نوکی رمی و قەڵغان و سوپەری دەسەڵاتەکەی بێت، جێبەجێکەری خەونی سەرکردەکەی بێت. بەڵام کە شۆڕش نەما و باس هاتە سەر خوانی شاهانە و دابەشکردنی دەسەڵات و دەستکەوت بەسەر بەدیهێنەرانی دەسەڵاتدا، من دڵنیام کەسێك نیە هەواڵی نوکی رمەکان بپرسێت، خەمی غایب بوونی لاوەکان بخوات و ڕێگەیەك بۆ ئامادەبونیان سازکات. ئەمەش مەرج نیە ئەوان بە پیلانی بزانن سەبارەت بە پەراوێزخستنی ڕۆڵی لاوان بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوان خۆیان زۆر بە دڵسۆزتر و تێگەیشتووتر و لێهاتووتر دەزانن لەلاوان بۆ لاوان، بۆیە ئەوان لەبری ئێمە بیر دەکەنەوە، بڕیار دەدەن، دڵسۆزتر لە ئێمە ئاراستەکردنەکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، کۆی گۆڕینی کۆمەڵگەش بە ئیشی خۆیان دەزانن.

لێرەشەوە دەکرێت لەبری ئەوەی خەونی لاوان بێتە دی، خەونیان لە گۆڕ بنرێت، لەبری توانا و وزەی لاو بچێتە پێشەوە و ببێتە کارەکتەرێکی ئەکتیڤ لە کۆمەڵگەدا، کۆمەڵگە بە هەموو سلبیاتیەکانیەوە بەجێ بهێڵێ و روبکاتە ئەوروپا، چونکە ئەوێ بەشوێنی بەدیهێنانی خەونەکانی خۆی بزانێ.

دەکرێ لێرەدا بڵێین دەسەڵاتداران خۆیان بە لاو دەزانن بڕیارەکانیشیان لاوانەن، تۆ بۆ هێندە ناڕازیت لێیان من پێموایە دەشێت ئەوان خەونی لاوانەیان هەبێت بەڵام خەونی لاوی ٢٠٠٤ی کورد نیە، وەك فرۆید باس دەکات خەونی جیهانی گەنجی خۆیانە، ئەوان باسی خەونی لاوێکی حەفتاکان دەکەن بەڵام پێیان وایە باسی ئەمرۆ دەکەن.

پێوەری گەیشتنە دەسەڵات بابەتە نەك توانست و لێهاتوویی، گرنگ نیە لاوێك چەندە دەتوانێت خزمەتی کۆمەڵگەکەی خۆی بکات، چەندە توانای هەیە لە بوارە تەکنەلۆژی و کەلتوری و مەعریفی و فکریەکاندا. بەڵکو ئەوە گرنگە کوڕی کێیە، لە بنەماڵەی کێیە، دەسەڵات چەندێك متمانەی بە بنەماڵەی ئەو هەیە، چەندە ئەوی بە دڵە نەك ئاستی چەندە. لە کوردەواری خۆماندا تا ئێستاش دەسەڵات دەبەخشرێت ناسەنرێت، لاوێك چەندە لێهاتوو و دڵسۆز بێت ئەگەر دەسەڵات بەدڵی نەبێت هەرگیز لێهاتوویی و دڵسۆزیەکەی نایگەیەنێتە پۆستی شیاوی خۆی، چونکە ڕێگە زۆرە بۆ پێچەوانەکردنەوەی مەبەست و ناوەڕۆکی ڕێگەکان، ڕێگەی دیموکراسی زۆرە بۆ ئەوەی ئابڕووی دیموکراسی پێ ببەن، ڕێگەی هەڵبژاردن زۆرە بۆئەوەی چەمکی هەڵبژاردنی تیا ئەتك بکەن. لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە گەنج و لاوی کورد کەم نەبوون لە بەخشینی گیانیان بە شۆڕشە پڕ خزمەت و پڕ لە خەونەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام دەسەڵات هۆکاری یەکەم بوو لە پەراوێز خستنی لاوی کورد لە نیمکەتی دەسەڵات، لەمەدا مەرج نیە تەنها حزبی دەسەڵاتدار کە بە ئاراستەکەری یەکەمی کۆمەڵگە دادەنرێت تاکە بەرپرس بێت بەڵکو حزبە بچوکەکانیش، گروپ و ڕێکخراوەکانی تریش، هەریەکە و بەقەدەر پێگەی خۆیان لەنێو کۆمەڵگەدا پشکی بەرپرسیاریەتیان بەردەکەوێت، کێشەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتدار کێشەی تایتڵ و پارتیشن نیە، بەڵکو کێشەی جەوهەر و پراکتیکە، بۆ نمونە (چەمکی دیموکراسی) وەك پارتیشنێکی سەرنجڕاکێش و دڵگیر زۆربەی یان هەموو حزبیە کوردیەکان بەرزیان کردۆتەوە.

بەڵام هەر لە پڕۆسەیەکی هەڵبژاردنی ناوخۆیی هەریەك بە حزبەکاندا دەبینین چەندە بەسادەیی، چەندە بەرونی ئەو پرۆسە دیموکراسیە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە!! چەندە ئامادەباشی پێشوەختی بۆ دەکرێت بۆ ئاراستەکردنی ئەو ئاکامەی کە بەرپرسانی ئەو مەڵبەند و حزبە دەیانەوێت.

هۆکار زۆرە بەڵام من پێم باشە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم ئەویش ئەوەیە، ئەگەر سەرنج بدەین لە زۆربەی ڕێکخراو و گروپە خوێندکاری و لاویەکان، کەسی بڕیاردەر و ئەندامانی دەستەی باڵا بەدەگمەن گەنج بن یان بە مانایەکی تر سکرتێری هەموویان گەنج نین، بەڵکو گەر گەنجیش بن نوێنەری پیرەکانن و ملکەچی فەرمایشتەکانی ئەوانن.

ئەوان دەسەڵات نادەنە دەست لاو، لاو ئاراستە دەکات، دەسەڵات دەدەنە لاوێك، لاو ملکەچ کات، ئێستا چۆن دەسەڵات دەدەنە دەست لاوێك کە گوشار لەسەر دەسەڵاتی کوردی دروست بکات، یاخود کۆمەڵگە ئاراستە کات.. ئێمە لە کوردستاندا هەتا ڕزگارمان نەبێت لەو بۆشاییە بەرفراوانەی نێوان پارتیشن و ناوەڕۆك، نێوان تایتڵ و چەمك ناتوانین نە ببینە هەوێنی گۆڕینی کۆمەڵ نەهێزی گوشاتر لەسەر دەسەڵات، نە کارەکتەری ئاکتیڤ لەنێو کۆمەڵگەدا، چونکە کۆی ئەو تایتڵانەی لەدوای ڕاپەڕینەوە بەرزکراونەتەوە و بانگەشەیان بۆ دەکرێت جوانن، لە نمونەی (دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادی، لیبرالی،.. هتد) بەڵام ئێمە کێشەمان لە بینینی ئەو چەمکانەیە لەکاتی پراکتیکدا. ئەمە ناکاتە ئەوەی کە لاوان هیچ کەمتەرخەمیەکیان نیە لە پرۆسەکەدا بەڵکو هەرکاتێك سنورە وەهمیەکانی نێوان لاوان و دەسەڵات تەنك بویەوە، نێوان ئێستا و ئایندە، نێوان کۆمەڵگە و فەردانیەت، نێوان ژن و پیاو.. هتد نەما، ئەوکاتە (بەدڵنیاییەوە کە ئەوەش ریفۆرمێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دەوێت) لاوان دەتوانن ببنە ئەو ئەمری واقعەی (بەتوانست و دڵسۆزی و ئاکتیڤبوونیان) نەك هەرچەند پۆستێکی نێو دەسەڵاتیان پێدەدرێت بەڵکو من چاوەڕوان دەکەم کە پەرلەمانی کوردیش ڕێگە بۆ ئەو توانایانە بکاتەوە تا بشگاتە ئەو ئاستەی چەند کورسیەکی پەرلەمانیان بۆ تەرخان بکەن وەك تایبەتمەندیەتی و چین و تەمەن و پسپۆڕی تایبەت بەخۆیان.